# سۆفیناز گریگۆریان لەمیسر دادگەیی دەکرێ



سۆفیناز گریگۆریان سەماکاری ناسراوی بەرەسەن ئەرمەنی، بەتۆمەتی ئەوەی سوکایەتی بە ئالای میسر کردووە، لە نێو ماڵەکەی خۆیدا قۆڵبەست کراو و راپێچی بەردەمم دادوەر کرا.

هەفتەی رابردوو، پۆلیسی میسر لە بەرەبەیاندا هەڵیانکوتایە سەر ماڵی سۆفیناز، سەماکاری ناسراو و پەلکێشی دادگەیان کرد.

سۆفیناز بەتۆمەتی ئەوەی ئالای میسری وەک کراسی سەما لەبەرکردبوو، سکاڵای لەدژدا تۆمار کرا، بەوهۆیەوە پۆلیسی ئەو وڵاتە هەڵیانکوتایە سەر ماڵەکەی، ناوبراو بۆ ئەوەی خۆی لە چاوی کامێرای هەواڵنێران بەدوور بگرێ، خۆی لەنێو چوارشێودا شاردەوە، بەڵام بەو حاڵەشەوە کامێراکان وێنەیان گرت و بڵاویان کردوە.

سۆفیناز بە ئامادەبوونی پارێزەرەکەی و نوێنەری سەندیکای مۆزیکژەنان بۆ ماوەی دووکاتژمێر لێپرسینەوەی لەگەڵدا کرا. سافیناز جەختی کردوە ئەو نەیزانیوە کە سەماکردن بە ئالای میسر بەتاوان پێوانە دەکرێ و سزای لێدەکەوێتەوە، دەنا هەرگیز ئەو کارەی نەدەکرد.

سەرەنجام دادوەر بە بڕی بیست هەزار جونیەی میسری کە دەکاتە نزیکەی ٢٨٠٠ دۆلار بە کەفالەت ئازادی کرد.

سۆفیناز کە میسریەکان بە سافیناز ناوی دەهێنن، یەکێکە لە سەماکارە ناسراوەکانی جیهان، بەبەردەوامی وەک بابەتی رۆژنامەوانی لەبەرچاواندایە، تەنانەت کاتێک برۆکانی خۆی لابرد و تاتۆی کرد، هەرایێکی گەورەی لە شەقامی میسر بەرپاکرد، چونکە لایەنگرانی پێیوانوابوو کە برۆکانی خۆی زۆر جوان و سەرنج راکێشتر بوون.

هەرچەندە کە سەماکارانی وڵاتی میسر بە شێوازی تایبەتی رۆژهەڵاتی درێژە بە کارەکانیان دەدەن و لەسەر ئاستی جیهانی بە لێهاتوو دادەنرێن، بەڵام سۆفیناز بەهرەیێکی لەرادەبەدەری سەماکردنی هەیە، لە میهرەجانەکانی سەماکردنی وڵاتاندا پلەی نایاب بەدەستدێنێ، ئەمەش وایکردوە کە هیندیەکان و ئەوروپیەکان بۆ بەشداریکردن لە فیلمەکانیان بانگهێشتی بکەن، لەو فیلمەی لەگەڵ شارۆخاندا بەشداری کرد، سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێناکەواتە بۆ سۆفیناز هەریەک پێوانەیە.



## ژوانگە

### جوانکاری

مرۆڤ بوونەوەرێکی زیندووی قسەکەری بەرنامەداری کۆمەڵایەتی سیاسیە، بەنرخترین و بەهادارترین بوونەوەری سەر زەویە، دەکرێ بڵێین جوان و رەنگین و سەرنجڕاکێشتریانە، بەڵام هێشتا مرۆڤەکان حەز دەکەن بەخۆیان رابگەن و خۆیان برازێنەوەو خۆیان پاک و خاوێن رابگرن، بێگومان ئەوەش رەوشتێکی باش و لەبارە، بەڵام ئێستا بەشێک لە مرۆڤەکان بۆ خۆجوان پێشاندان پەنا بۆ نەشتەرگەری جوانکاری دەبەن، ئایا ئەو شێوازە راست و دروستە؟ ئایا نەشتەرگەری جوانکاری مرۆڤەکان جوان و سەرنجڕاکێش دەکەن؟؟

ئێستا لە شارەکانی کوردستاندا دەیان نەخۆشخانەو کلینک و عیادە بۆ نەشتەرگەری جوانکاری کراونەتەوە، خەڵکانێک بەمەبەستی خۆجوانکردن روویان تێدەکەن. دەکرێ بگوترێ کە هەموویان بە ئەندازەی خۆیان داهات پەیدا دەکەن و بژێوی خۆیان لەسەر ئەو کارە مسۆگەر دەکەن.

زۆر ئاساییە ئەگەر کەسێک بەهۆی رووداوێکەوە سیمای شێواوبێ، یان ئەندامێک و شوێنێکی پێویستی بە نەشتەرگەری جوانکاری هەبێ، بەڵام کاتێک نەشتەرگەری لووت، لێو و کوڵمە گەورەکردن، هەڵگردنی برۆ و تاتۆکردنی، دانانی برژانگی دەستکرد، گەورەکردن و بچووک کردنەوەی مەمک دەبێ بە مۆدێل، دەبێ شارەزاو پسپۆڕان خوێندنەوەی بۆ بکەن.

دەروونناسان پێیانوایە بەشێک لەوانەی پەنا بۆ جوانکاری دەبەن، نەخۆشی خۆبەکەمزانیان هەیە، هەندێکی دیکە لاسایی دیتران دەکەنەوە، بەشێکیش لەژێر کاریگەری ریکلامەکاندا ئەو کارە دەکەن.

سەرهەنگ

# وێنەیەک چیرۆکی خۆشەویستی مرۆڤ بۆ خاک دەگێڕێتەوە


© Zhang Ning/HotSpot Media

ئەمە دیمەنێکە لە ناوچەی یوانیانگ Yuanyang کە دەکەوێتە باشووری رۆژهەڵاتی وڵاتی چین. هەرچەندە کە وێنەیەکی جوان و سەرنجراکێشە بەڵام گەواهی ئەو راستیە دەدات کە خەڵکی ناوچەکە چەندە خاکی نیشتمانی خۆیان خۆش دەوێ و هەوڵی رازاندنەوەو ئاوەدانکردنەوەی دەدەن.

خەڵکی ناوچەی یوانیانگ هاوشێوەی خەڵکی هەرێمەکانی دیکەی وڵاتی چین زۆر بە خاک و نیشتمانەوە پێبەندن، ئەفسانەکانی ئەو ناوچەیە باس لە ئازایەتی مرۆڤێکی مەزن دەکات کە گوایە باپیرە گەورەی خەڵکی ناوچەکە بووە چۆن خاک و خۆڵی لەو سەری جیهانەوە هێناوەو لەسەر ئەو شاخە بەرزانەدا رایایخستوون، ئەوسا لەسەر زەویەکەدا کشتوکاڵی کردووەو بژێوی خۆی و خێزانەی دابین کردووە. راستیەکەی ئەوەی لە دیمەنەکانی ناوچەی یوانیانگ بڕوانێ دەگاتە ئەو راستیەی کە دیمەنەکان بۆ خۆیان تابلۆن و چیرۆکەکانی رابردوو دەگێڕنەوە و باس لە هونەری ئاودێری و کشتوکاڵ دەکەن. دیمەنەکان پێماندەڵێن کە مرۆڤی ئەم ناوچەیە چەندە خاکی خۆشویستووەو چەندەش بۆ ئازادی قوربانی داوەو تێکۆشاوە.

بۆ ریکلام کردن
پەیوەندی بەم ژمارە
تەلەفۆنەوە بکەن
٠٧٥٠٤٤٦٨٥٥٣

# لیستی ناوی پاڵێوراوانی خەڵاتی MTV بۆ فیلم ئاشکرا دەکرێ

وەک ئاشکرا کراوە، بڕیار وایە رۆژی ١٢ی نیسانی ئەمساڵ ئاهەنگی دابەشکردنی خەڵاتی MTV بۆ فیلم بەڕێوەبچێ.

بەگوێرەی راپرسیەکان، سیث رۆگن ئەکتەری ناسراوی کەنەدی لەگەڵ ئینسیل ئیلگۆرت، ئەکتەری ئەمریکی هاوتان لەهەر لیستی پاڵێوراواندا.

واچاوەڕوان دەکرێ کە پێشکەشکاری بەرنامە "ئیمی شومەر" ئاهەنگەکە پێشکەش بکات و لەسەر شانۆی نۆکیا لە ویلایەتی لۆس ئەنگلیسی ئەمریکا بەڕێوە بچێ.

فیلمی ئەمریکان سنیپەر American Sniper لە سەرووی لیستی فیلمەکاندا جێی گرتووە، هەروەها ژنیفەر لۆرانس لەسەرووی لیستی باشترین ژن لە نواندندایە کە لە فیلمی The Hunger Game Mockingjay – Part 1 رۆڵی بینووە. هەروەها لە سەرووی لیستی باشترین نواندنی پیاواندا، ئەکتەری ناوداری ئەمیرکا برادلی کۆپەر دەستنیشان کراوە.کە لە فیلمی فیلمی American Sniper رۆڵی بینووە . لە لیستی نواندنی باشترین رۆڵی ترس و تۆقاندا، ئەکتەری ناوداری بەریتانیا، رۆزاموند بایک لە لووتکەدایە کە لە فیلمی Gone Girl رۆڵی سەرەکی بەرجەستە کردووە.

جێی ئاماژە پێکردنە لە هەموو لیستەکانی دیکەدا ئەکتەرە ئەمریکیەکان لە سەرووی لیستدا ناونوس کراون، ئەمەش بەواتای ئەوە دێ کە زۆربەی خەڵاتەکان بۆ ئەکتەرە ئەمریکیەکان دەبێ، هەر لە ئێستاشەوە زۆرێک لە ئەکتەرەکەان کەوتوونەتە گلەیی و بە ئاشکرا گازاندە دەکەن و رەخنەکانی خۆیان دەخەنەڕوو.

رۆژی گەل
هەفتەنامەیەکی سیاسی، رۆشنبیری گشتییە،
حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات
خاوەنی ئیمیتاز: رێکار ئەحمەد، تەلەفۆن: ٠٧٧٠١٤١٩٧٢٢
سەرنووسەر : سەردار محەمەد، تەلەفۆن: ٠٧٧٠٦٥٤٤٢١٦

نووسینگەی هەولێر
گەڕەکی راستی، دەروازەی شەقامی جووتسایدی راستی
تەنیشت هۆتێل لۆکسۆر پلازا
تەلەفۆن:٠٧٥٠٣٩١٦٠٨٥ rojiigel@hotmail.com